www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22-2-2006 12:47

## ململانێ! ... سەرکەش

ئوپسالا / سوید



بۆ مەریوان هەلەبجەیی و گیانبازی عەبدولخالق مەعروف و هەموو ئەو مرۆئازادیخوازانەی لەسەر ئازادی بیروڕا، ئازادی چاپ و بلاوکردنەوە ڕاوەدوونران، زیندانی کران، تیرۆرکران.

لەوێ
چەمکێ ڕووناکی
دەیهەوێ
دڕدا
بەتارمایی و
شەوەزەنگ
شەمشەمەکوێرەکانی
تاریکی و
تاریک پەرستی
ڕێگرن!
لەوێ
چەمکێ ئاواز و
دەنگی
دەنگی ساوا،
دەنگی جودا،
دەیهەوێ
گەڕەلاوژەو
هەراوهۆریای
وشک و
کالی
سەدە ژەنگاوییەکان
دیماهی
بێنێ
کەڕەواڵە،
گوێچکە کەڕو
پیر و
کەنەفتەکان
مشەخۆرە
زگ و
بەر زگ تێرەکان

ڕێگرن!
لەوێ
چەمکێ ڕەنگی
هارمۆنی
دەیهەوێ
تابلۆی سروشت
بەڕەنگی
بەهارو گول
بخەملێنێ
ڕەنگە
بۆرو
تارییکە،
چلکن و
بەقرێژەکان
ڕێگرن
لەوێ
کۆلێ ڕەنج و
ماندووبوون
کۆلێ
ژان و
مشەققەت
دەیهەوێ
بۆحەسانەوە
ساباتێک
چێکا
لە بەهەشتی ڕاستەقینەی
دوور
لەخەیال و ئەفسانە
تەمبەل و
تەوەززەل و
کارنەکەرو
سەرماو گەرما
نەدیوەکان
ڕێگرن!
ئەو گزنگی ڕووناکییە
ئەو دەنگ و
ئاوازە،
سەرهەلگرتووە،
یاخییە.

ئەو رەنگە،
هارمۆنییە
درەنگ بێ زوو
بەخوایشت بێ
یا بەزۆری
لەوێ
میوان
دەبێ

14-02-2006

a_sarkash@hotmail. com